هەرێمی کوردســـتان/عێراق

ئەنجومەنی وەزیـران

إقليم كوردستان/العراق

مجلس الـوزراء

# بڕیـاری ئەنجومەنی وەزیـران

## ژمارە (٥) لە ٢٠١٩/٧/٢٢

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەمـوارکراو، و لەبەر ڕۆشـــنایی کۆنووسـی کۆبـوونەوەی ئاســایی ئەنجــومەنی وەزیــران ژمــارە (٢) لە ٢٠١٩/٧/٢٢، بڕیاردرا بە:

١. پەسەندکردنی پڕۆژەی (یەکخستنی ماڵپەڕی فەرمیی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ماڵپەڕی فەرمیی وەزارەت و دەستە و دامەزراوەکانی دیکەی حکومەتی هەرێم).

٢. مـاڵپەڕی نـوێی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان وەك مـاڵپەڕێکی یەکگرتـووی گشـت وەزارەت و فەرمانگەکانی حکـومەت بە شـێوەیەکی پڕۆفیشـناڵ و پێشـکەوتوو کـار دەکـات و بڕیـارە لە ئاینـدەدا لە ڕێـگەی ئەو مـاڵپەڕەوە خزمەتگوزاریی گشـتی و بەدەسـتهێنانی بەڵگەنـامە و زانیاری پێویسـت پێشکەشی هاووڵاتییـانی هەرێمی کوردسـتان بکات و ببێتە هەنگاوێك بەرەو بە ئەلیکترۆنیکردنی ئیشوکارەکانی حکومەت.

٣. ڕاسپاردنی سـەرجەم وەزیرە بەڕێزەکان بۆ پشـتیوانیکردنی هەردوو فەرمانگەی (تەکنەلۆژیای زانیاری) و (میدیا و زانیاری) بە مەبەستی سەرخستنی ئەم پڕۆژەیە.

٤. ڕاسـپاردنی هەردوو فەرمـانگەی ئاماژەپێدراو لە برگەی (٣)ی ئەم بڕیـارە بـۆ دارشـتنی ڕێنمـایی پێویسـت و نـاردنی بۆ گشت وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان لە نزیکترین دەرفەتدا تا پەیڕەو بکرێت بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەکە، و پێویسـتە هەردوو فەرمـانگەکەش بە ڕاپـۆرتی دەوری ئەنجـومەنی وەزیـران لە بەرەوپێشـچوون و ئاسـتەنگەکانی بەردەم پڕۆژەکە ئاگادار بکەنەوە.

٥. وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

مەسرور بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران